هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی
ڤایرۆسی کۆرۆنا

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
اللجنة العليا لمكافحة
جائحة كورونا

ژمارە : ٦١٠٢
ڕێکەوت : ٢١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ١١

# بەیانی ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠٢١

**دوابەدوای بەیانی ژمارە**

**(٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣١,٣٤,٣٥,٣٦,٣٧,٣٨,٣٩,٤١,٤٢,٤٤,٤٦,٤٨,٥٢,٥٧,٥٨)ی**

**ساڵی ٢٠٢٠ و (١,٦,٧,٨,٩)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا)**

**و کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٣/١٠**

**و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەکەم:** پەسەندکردنی بڕگەی دووەمی ڕاپورتی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە خوێندن و پشووکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پۆلی (١٢)ی ئامادەیی و پەیمانگاکانی وەزارەتی پەروەردە (حکومی – ناحکومی) ، بەو شێوازەی خوێندنی خۆیان بەردەوام دەبن.

٢. قوتابخانە حکومی و ناحکومیەکان (قۆناغی ١ی بنەرەتی تا ١١ی ئامادەیی) ، ئەو قۆناغانەی تاقیکردنەوەی (٢٠) نمرەی نوسینەکیان ئەنجامداوە پشوو وەردەگرن تا ٢٠٢١/٣/٢٥ ، و ئەو قۆناغانەی ئێستا لە تاقیکردنەوەی (٢٠) نمرەی نوسینەکین تەنها بۆ تاقیکردنەوە قوتابیان دەچنە قوتابخانە، ئەو قوتابخانانەی تاقیکردنەوەی (٢٠) نمرەیان ئەنجام نەداوە و پێش جەژنی نەورۆز ئەنجامی نادەن بۆیان دەبێتە پشوو دەتوانن خشتەی تاقیکردنەوە بۆ پاش نەورۆز دابنێن. وە قوتابخانە ناحکومیەکان پابەند دەبن بەو ساڵنامەی تاقیکردنەوانەی کە بە نوسراوی ژمارە (٢٠١٦) لە ٢٠٢١/٣/٢ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزمونەکانی وەزارەتی پەروەردە گشتاندنی پێکراوە.

٣. تاقیکردنەوەکانی بەرایی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی بە هەمان خشتەی خۆی بەردەوام دەبێت.

٤. قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق (نازحون) جگە لە تاقیکردنەوەکان دەوامیان دەبێتە پشوو تا کۆتایی جەژنی نەورۆز.

**دووەم:** ڕاگرتنی دەوامی زانکو و پەیمانگاکان تا ٢٠٢١/٣/٢٥.

**سێیەم:**

١. بەردەوام بوونی قەدەغەکردنی چوونە سەقەبران و دانانی پرسە لە مزگەت و لە ماڵان و هەڵدانی خێمە لە کۆڵان و باخچەکان بەردەوام دەبێت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەك بەرپرسیارن، و هەر کەسێك پابەند نەبێت بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار پێبژاردن پێ دەکرێت.

ژمارە : ٦١٠٢

ڕێکەوت : ٢١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢١ / ٣ / ١١

٢. هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت، ریستورانت و شوێنە بازرگانیەکان،...هتد) نابێت ڕێگە بدەن بە چوونەژوورەوەی هاوڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بە بێ بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێت بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیون دینار پێبژاردن دەدات.

٣. دەسەڵات دەدرێت بە ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی داخستنی ئەو بازار و فرۆشگا میللیانەی کە دەبنە هۆکاری قەلەبالغی زۆر و گردبوونەوەی هاوڵاتیان.

٤. پێویستە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بکەن ئەگەر لە دوو کەس زیاتربوون بە تایبەتی بەکارهێنانی ماسك و پەیڕەوکردنی مەودای (١,٥) مەتر لە نێوانیان.

٥. پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانیان پابەند بکەن بە بەستنی ماسك و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لەو دامەزرایەوە ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك پێبژاردن بەو دامەزراوە دەکرێت.

٦. هەر کەسێك ڕەچاوی بەستنی ماسك نەکات بە پێی ڕێکارەکانی ئەم بەیانە بە بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار پێبژاردن دەدات.

٧. شوفێری ئوتومبیلەکان بە هەموو جورەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ) لە کاتی هەبوونی سەرنشین لە گەلیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بە بەستنی ماسك ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك شوفێر وەك پێبژاردن دەدات.

٨. لە کاتی سەرپێچی کردنی برگەکانی (٧،٦،٥،٢،١)ی سەرەوە و (ماددەی چوارەم) و جێبەجێ کردنی پێبژاردنەکان ئەم ڕێکارانەی خوارەوە پەیڕەو دەکرێت:

أ) لایەنی ڕاسپێردراو بە وەرگرتنی پێبژاردن ئەمانەی خوارەوەن:

١. لێژنەکانی قائیمقامیەت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
٢. پۆلیسی ڕێکاری (شرطة الانضباط).
٣. بەڕێوەبەری فەرمانگە لە کاتی ئەنجام دانی سەرپێچی لە ناو ئەو فەرمانگەیە کە لێی بەرپرسە.
٤. بنکەی پۆلیسی هاتووچۆ.
٥. ئەفسەری پۆلیسی هاتووچۆ لە کاتی ئەرکدا.
٦. بنکەکانی پۆلیس.
٧. ئەفسەری پۆلیس لە کاتی ئەرکدا.

ب) ئەو پێبژاردنانەی کە بە پێی بڕگەکانی (٦،٥،٢،١) و (ماددەی چوارەم) وەردەگیرێت بەکاردێت بۆ کرینی پێداویستی خۆپاراستن بە تایبەتی ماسك بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ هاندانی ئەو تیمانەی کە بەدواداچوون دەکەن و پێبژاردنەکان جێبەجێ دەکەن و لە لایەن وەزیری ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری خەرج دەکرێت.

ج) ئەو سەرپێچیەی کە بە پێی بڕگەی (٧) تۆمار دەکرێت بە ئامێری سزادانی ئەلیکترونی یان بە توماری سەرپێچی دەخرێتە سەر توماری سزاکانی ئۆتۆمبێل لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ و بڕی پێبژاردنەکان دەخرێتە سەر ئەژمێری پەرەپێدانی هاتووچۆ.

د) لە کاتی نەدانی پێبژاردن لە لایەن سەرپێچی کار ئەوا ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکرێت بە مەبەستی وەرگرتنی رێکاری یاسایی بە پێی ماددەی (٢٤٠) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و بە ڕەچاوکردنی ماددەی (١١٠) برگەی/ب لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١.

**چوارەم:** یانە و کافتریا و رێستورانت و شوێنە گەشتیارییەکان نابێت خزمەتگوزاری نەرکیلەکێشان لە شوێنە داخراوەکان پێشکەش بکەن و لە کاتی سەرپێچی کردنیان شوێنەکەیان بۆ ماوەی یەك هەفتە دادەخرێن و بری (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار پێبژاردنیان پێ دەدرێت.

**پێنجەم:**

أ. ئەو کەسانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی عێراقەوە پێویستە پشکنینی کۆرۆنا ئەنجام بدەن (٧٢) کاتژمێر بەر لە گەشت کردنیان بۆ هەرێمی کوردستان.

ب. تیمەکانی تەندروستی لە بازگەکان جێگیر دەکرێن بۆ وەرگرتنی (Random sample).

**شەشەم:**

١. بەردەوامیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی لە تەواوی فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و شوێنە گشتییەکان.

٢. سنووردارکردنی ژمارەی ئامادەبووان لە هۆڵەکانی بوك گواستنەوە و کۆنفرانس و کۆبوونەوە بە شێوەیەك رێگە بگیرێت لە قەرەباڵغی لە ژوورەوە، هۆڵی رووبەری (٥٠٠ م٢) رێگە بە (٦٠) کەس دەدرێت و هۆڵی (١٠٠٠ م٢) رێگە بە (١٢٠) کەس دەدرێت لە یەك کاتدا لە ژوورەوە بن بە ڕەچاوکردنی رێنماییە تەندروستیەکان ، بە پێچەوانەوە هۆڵەکە دادەخرێت.

٣. هۆڵی سینەماکان لە گشت مۆڵ و بازاڕەکان دادەخرێن بە بەردەوامی لە تەواوی شار و شارۆچکەکان لە هەرێم.

**ژمارە :** ٦١٠٢

**ڕێکەوت :** ٢١ / ١٢ / ٢٧٢٠ کوردی

**DATE:** ٢٠٢١ / ٣ / ١١

**حەفتەم:** پێویستە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارەسەربەخۆکان کۆبوونەوەی ژووری ئۆپەراسیونەکان ئەنجام بدەن و پێویستە دەقەکانی ئەم بەیانە وەك خۆی جێ بە جێ بکەن بە تایبەتی سەپاندنی بەستنی ماسك و مەودای نێوان دوو کەس و سەپاندنی ئەو سزایانەی کە بۆی دیاری کراوە.

**هەشتەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

وێنەیەك بۆ :-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی بەرێز ڕاوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن

**ژمارە :** ٦١٠٢

**ڕێکەوت :** ٢١ / ١٢ / ٢٧٢٠ **كوردى**

**DATE:** ٢٠٢١ / ٣ / ١١

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەروێزخان ، سەرزێر) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- خولاو.